# دەربارەی بۆپێشەوە!

**سایتی بۆ پێشەوە لە بەرواری 10-10-2004 یەکەمین**
**ژمارەی لە سەر ئەدرەسی** www.bopeshawa.com
**پەخش ئەبیت.**

**بۆپێشەوە**، بڵاوکراوەیەکی ئەنتەرنێتی سیاسی و رۆشنبیری گشتییە. هەوڵ ئەدات ئاوێنەی بیروبۆچوونە جیاواز و تەنانەت دژ بە یەکەکانیش سەبارەت بە کێشە گرنگەکانی جیهانی ئەمڕۆ و ناوچەکە و کێشەکانی کۆمەڵگای کوردستان بەتایبەت بخاتەڕوو. سایتی **بۆپێشەوە** هەوڵ ئەدات فراوانترین بوار و رووبەر بۆ دەربڕینی ئازادانەی بیروبۆچوونەکان فەراهەم بکات.

**بۆپێشەوە** نووسین، ووتاری جۆراوجۆر، راگەیاندنی حیزبەکان و ریکخراوە جەماوەری و پیشەییەکانی کوردستان، هەواڵەکانی کوردستان و بابەتی ئەدەبی و هونەری بڵاودەکاتەوە و رۆژانە ئاپدەیت ئەکریت.

**بۆپێشەوە** بانگەوازی سەرجەم نووسەران و رۆشنبیرانی کوردزمان، هەموو حیزب و ریکخراوەکانی کوردستان ئەکات. بۆ ناردنی بابەت و راگەیاندنەکانیان. هەروەها سەرنجیخوینەران بۆ چەند خاڵێکی پیویست رادەکێشم.

- **بۆپێشەوە** سایتێکی رەخنەگرانەی ئازادە، لایەنگرە لە راستی و فەرهەنگی مۆدێرن و پیشکەوتووخوازانە. بەڵام دەروازیەکی کراوەیە بەرووی بیرو بۆچوونە جیاوازەکان.

- هەر نووسەرێك خۆی بەرپرسی نووسراوەکەیەتی. **بۆپێشەوە** بەرپرسی ناوەڕۆکی سیاسی و ئایدیۆلۆژی هیچ نووسراویك نییە.

- بۆپێشەوە، تریبۆنێکی ئازادانەی بێ سنوورە بۆ رەخنەی سیاسی. بەلاّم هیچ چەشنە تەشهیرێکی ناسیاسییانە و بێبەڵگە، لە دژی تاك و گروپ جێگەی نابێتەوە. حورمەتی تاك لە لایەن بۆپێشەوە بە تەواوی دەپارێزرێت.

- هەر بابەت و نووسراوێك پێویستە بە ئیمزا و ناوی ( دووانی – لە جیاتی تاك ناو ) ی خاوەنەکەی بلاّوبێتەوە. ئەگەر ئەدرەس ئیمایلی لەگەڵدا بێت باشترە.

- بۆ ناردنی نووسینەکانتان ئەتوانن سوود لە فۆرماتی ( Word ) وەربگرن. بەلاّم بۆ ئەوەی نووسینەکانتان لە ئیدیت کردن پا رێزراو بێت، باشتر وایە بە فۆرماتی ( PDF ) بۆمانی بنێرن.

- سوود وەرگرتن لە بابەتەکانی بۆپێشەوە، ئازادانەیە بۆ هەر کەس و بلاّوکراوە و رۆژنامە و دەزگایەکی راگەیاندن.

**ئارام عەلی**

**بەڕێوەبەری سایتی بۆپێشەوە**

**2004 -10- 05**